# هەرێمی كوردستان نمونەیەك لەخراپیدا

**ڕاپۆرت ئاسۆ :**



لەوڵاتی سعودییە و مالیازیا بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەلاَ قەوە بەرپرسانی حكومی ئەو دووڵاتە بڕیاریاندا كە بوكو و زاوای تازە دەبێت دەورەیەك ببین كە حكومەت بۆیاندەكاتەوە لەو دەوریەدا چەندین پسپۆڕلە بواری كۆمەلایەتی و دەروونی وانەی تیدا دەڵێنەوە بەمە بەستی كەم كردنەوەی ڕێژەی تەلاَق لەولاَتەكانیان . ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرەكان لە ودووڵاتە بە بەراورد لەگەلّ ڕێژەی تەلاَق لە هەرێمی كوردستان هێندەكەمە كە باس ناكرێت تائێستاش بەر پرسانی حكومەت و ڕێكخراوە كانی كۆمەلّگەی مەدەنی هیچ هە نگاوێكیان لەم بارە یەوە نە ناوە ئامارەكانی دادگاكانی كوردستان ئەو زەنگە ترسناكەیە كە تائێستابەرپرسە گوێگرانە كانی ئێمە گوێیان لێ نەگرتوە هەرچی ڕێكخراوەكانی ژنان و كۆمەلّگەی مەدەنیشە بە شێوە یەكی پراكتیكی كاریان لەسەر ئەم گرفتە كۆمەڵایەتیە نەكردوە هۆكارەكانی بەرزبوونەوەی تەلاَق لەكوردستان زۆربە ئاشكرا دیارن و چارەسەر كردنەكانیش زۆر ئاسانن هەنگاوێكی جدی حكومەت و ڕێكخراوەكان ئەتوانێت بەشی زۆر كێشەكان چارەسەر بكات ئەوەی لەم ڕاپۆرتە دا دەیخوێننەوە لێدوان و قسەی ئەو كەسانەیە كە لەبەردەم دادگا وەستاون بۆجیابوونەوە یان بۆ پیكهینانی ژیانی تازە بۆ چونی چەندین كچوكوری نیو پاركە كانی شاری سلێمانیە كەتوند دەستی یەكیان گرتووە جار جار سەیرێكی ئەملاو لای خۆیان ئەكەن و بەدزی پۆلیسەكانی پاركەوە ماچێكی لێوانی یەكدی دەكەن . كات 8سەر لەبەیانیە كەشو هەوازۆرگەرمە خەلّكی وردەوردە ڕو لەدادگادەكەن

بەمەبەستی چارەسەر كردنی كێشەكانیان منیش لەبەردەم دادگادا وەستاوم .لەكوردستاندا سێ شوێن قەربەڵخێكی یەكجار گەورەی لەسەرە یەكمیان نەخۆشخانەكان دوهەمیان دادگا بەرێژەی سێەمیش مزگەوتەكانن ئەوا نەی ڕولەدادگادەكەن بەشی زۆریان هەناسەی سارد هەلّدەكێشن یان جگەرە بە جگەرەدایدەگیرسێنن چیرۆكەكانی دادگا بەشی هەزاران سالّی دەرهێنەرەكانی بواری فلیم سازی دەكات زۆرجارئێمە چیرۆكەكان دروست دەكەین بۆئەوەی ژیان دروست بكەین یان چیرۆكەكان ئێمە دەگێرنەوە بۆئەوەی ژیان دروست بێت چیرۆكە كانی دادگا ژیانی ڕاستی تاكەكانی كۆمەلّگای كوردییە ئەو كۆمە لگایەی كە دەسەلاّت دارانی كوردستان دەیانەوێت وەك نمونەی پێشكەوتنو

خۆشگوزەرانی پێشانی هەمووجیهانی بدەن گەرەكیانە بیكەنە نمونەیەك بۆعیراق

كوڕێكی تەمەت 25 سالّ كەڤژێكی لولی دانەهینراوی هەیە جگەرە لەدوای جگەرە پێی دەكات چومەلایو بە باینی باشێكم لێكرد دوای چارە كێك گفتو گۆ خۆم پێناساندوو داوام لێكرد كە كێشەكەیم بۆباس بكات ئەم لاوە ئامادە نەبوو ناوی خۆی بلّێت ووتی ئەگەر لەم كێشە یە ڕزگارم بێت یەكسەر بەرەو هەندەران هەلّدێم من 3 مانگە زەوا جم كردوە یەك هەهەفتە ژیانم خۆش بوو بەخواستی خۆم زەواجم كرد دوسالّ ئەو كچەی ئێستا لێم بۆتە دڕندەیەكی ترسناك هەموو شەو خەونم ئەوە بوو ڕۆژێك زوتر پێی بگەم خاوەنی پارەی خۆمم خانوی خۆم هەبوو بەلاّم شەو ڕۆژ كێشەی من ئەوە بوو لەگەلّ ئەم ژنەدا كە ڕۆژانە دەیان پەلّكی پێدەگرتم داوای سەیارەی مودیل بەرز ئالّتونی زۆر ێئەكرد ئەگەر هەرداوایەكم جیبەجێنەكردایە ئامادەنەبوو كاری سەر جێم لەگەلّدا بكات لە ماوە 3 مانگی هاوسەری تەنها 21 یەك شەو لەسەر جێگا لەگەلّم بوە ڕۆژنە بوو براكەی هەڕەشەم لێنەكات لەسەر ئەوەی من بەقسەی خوشكەكەی ناكەم شەوان نایبە م بۆدەرەوە بۆنان خواردن دایكی بەردەوام دەهات و هەڕەشەی ئەوەی لێدەكردم

ئەگەر وەك كچی تر ئالتونی بۆنەكەم لێم دەسێنێتەوە ئەم لاوە ووتی شەوێك هات بەسەر مداو لەسەر ئەم كێشانە زلەیەكم لەهاوسەركەم داو ئەویش بەو شەوە ماڵی بەجێهێشت پاش دوسەعات بەخۆی وسێبراو دوزاوایوو دایكی هاتنەماڵەكەم ئەوەندەیان لێدام لە بەرچاوی خەڵكی ئەو گەرەكە تە نانەت پانتۆڵەكەشیان لەپێداكەنم ئەگەر خەڵكی گەڕەك بە فریام نەكەوتنایە هەڕەشەی زۆرقورسیان لێدەكردم یەكێك لەبراكانی كچەكە بە چەقۆوە دەیویست (چۆكم) ببڕێت ئەگەر خەڵك دەستی نەگرتنایە ئیستا زیندوونەبووم كەسوكارەكەشم بە هانامەوە نایەن و ئەوان لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوە نەبوون كەمن كچێكی بێگانە بكەمە هاوسەرم دەیانویست خزمی خۆم بهێنم بۆیە ئێستا هەموو تەمەنام ئەوە یە كەڕۆژێك زوتر ئەو تەوقە ئاگرینە لەگەردنم بێتەوە .

هاوڕێیەكم كە لەنیو داد گا كاردەكات كیژۆڵەیەكی ناسكی پێشاندام كەتەمەنی 18 ساڵ كەمتر بوو بەلاّم جوانییەكی بیهاوتاو بەژن و بالاّ یەكی ڕێك كورد ووتەنی برای خۆی بۆی حەیران دەبوو ئەم كیژە ماوەی ساڵێكە زاوجی كردوە بە پیاوێك تەمەنی لەسەرو پەنجاساڵ زیاترە دیسان ئەم خانمەش ئامادەنبوو ناوی خۆی بلێت زۆربیزارو ماندوو بوو دەموچاوی ترسی لێنیشتبوو وەك ئەوەی چاوەڕوانی كارەساتێكی گەورەبێت پەیتا پەیتا نینۆكە كانی وەك مناڵ دەبرد بۆدەمی پیاوێكی سەروڕیش سپی دەستێك جلی كوردی لەبەردابوو وە ئارەق بە دەمووچاوییەوە دەهاتە خوار شەڕواڵەكەیو لاجانەكانی هەمووی چیمەنتۆو خۆڵبوو چاوەڕێی دەكردكچەكەی بچێتە لای دادوەرو زو بەڕێیان بكات تائەمیش بڕواتەوە بۆسەرئیشەكەی كە كرێكارییە لەبەر ئەوە 11 كچی هەیە ئەم كچەی بچوكترینیانەو تاكە كچیشێتی كەزەواجی كردبێت دایكێكی پشت كۆماوە كە عەبایەكی ڕەشی لەخۆیەوە ئالاّندوە جوتێك نەعلی دڕاو ی لەپیدایە كە بە پەت دوریویەتیەوە لەپشتی كچەكەیەوە وەستاوەئەم خاتونە كەوتە گێڕانەوەی چیرۆكی یەك ساڵی ژیانی لە گەڵپیاوێكی بەتەمەن ووتی ئەوە باوكم ودایكم لەم قسانەدا دەستی كرد بەگریان فرمیسكە كانی ئەم كیژە كەوەك باران بە چاوی دە بارین پاكێتیو مەزلومیەتی ئەم خانمەی بۆدەسەلمانم دایكیش جار جار دەكەوتە هەنسكدانو باوكەڕیش سپیەكەشی بەدوایاندا دەكەوتە هەناسەكێشانێكی قوڵ ئەم خانمە كەوتەوە قسە كردن و وتی ئێمە لەبەر هەژاریو كرێچێتی ژیانمان هەراسان بوە برام نیە كارمان بۆبكات 6 خۆشكم خوێند كارن ئەوانی كە لەماڵەوەن و وازیان لەخوێندن هیناوە دایكم بەم تەمەنەوە لەگەل دووخوشكم نانی ماڵاّن ئەكەن پێشتر خوشكیكم كەخوێند كاری زانكۆیە لەماڵی یەكێك لەكچە هاوڕێكانیلە زانكۆ دوای دەوام خزمەت كاری ئەوانی ئەكرد مانگی بە 130 هەزار بەڵام ئێستا باوكی ئەو كچە كە دەوڵەمەندێكی زۆرگەورەیە كچەڕەشەكانی داناوە دەڵێت نامەوێت كورد خزمەت كاریم بكات ئێمە بازاڕمان نەبوو شەوڕۆژ دایكم دوعای دەكرد كە یەكێك لێمان بپرسێتەوە بەڵام كەس نەبوو ڕۆژێك باوكم لەگەڵپیاوێكی بەتەمەنا خۆی كرد بەژورا لەم كاتەدا باوكی شەرم گرتی و سەری داخست ئێمەش وەك پیشەی هەموجار بەگەرمی بەخێرهێنانی میوانەكەمان كرد باوكم بەدایكمی وت خیر ڕوی لەماڵەكەمان كردوە ئێمە لەم قسە یە گەیشتین دڵمان خۆش بوو لە ناوخۆماندا خیرەمان لە یەك دەكرد ئێمەوامان دەزانی ئەمە باوكی ئەوكوڕەیە كەدێتە داوامان بەلاّم دوای ڕۆشتنی باوكم ووتی ئەمە دەبێتە زاوام ئیتر هەموومان سەرسام بووین باوكم ووتی كچم تۆی بەدڵە من زۆرگریام بەڵام باوكم هەڕەشەی خۆكوشتنی كرد ووتی ئیتر ئێوەم بۆبەخێو ناكرێت منیش ناچارملم بەداواكەی باوكم دا ئیتر زانیم خەو بینین بەكورێكی قۆزەوە بۆمنێكی هەژار مە هاڵە پێنج مسقاڵ ئاڵتونی بۆكردم 5 كورو دوكچی گەورەی هەبوو ژنەكەی مردبوو خۆشی دوكانداری ئەكرد ڕێگەی لێگرتم سەرم ڕوت بێت جلی مە حاجەبەی پێلەبەر ئەكردم لەنیو دووژووردابووین 9 سەر خیزان زۆرشەوان دەیبردمە حەمامەكە لەبەر ئەوەی منداڵەكانی بەخەبەر نەیەن بیگویدانە شعوری من كەی خۆی تەواو بوایە وازی لێدەهێنام زۆرجار دوای تەوا بونی كاری خۆی ئەگەر درەنگ خۆم پاك بكردایەوە تفی لێدەكردم لەنیو ئەو حەمامەدا دونیایەك جنیوی ئەدا ئەوخێزانەی منی تیچوم هەمویان ڕقیان لێم بوو وایان دەزانی منجێگەی دایكیانم گرتۆتەوە ڕۆژانی هەینی هەموویان لێم مۆڕئەبوونەوە نەیان دەهێشت من بچمەسەر قەبران وەك ئەوەی من دایكی ئەوانم كوشتبێت كوڕەكانی ئەم پیاوە

تەشقەڵەیان پێدەکردم  چاویان لێم دادەگرت ماچیان بۆهەڵئەدام زۆرچارکچەکانی لێیان ئەدام قژیان بەسەرەوە نەهێشتم    ماوەی ساڵێکە ئەمە ژیانمە بۆیە ئیتر  بڕیارمداوە یان مردن یان دورکەوتنەوە لەم پیاوە .
پێش سێ ساڵ بەر لەئێستا لاوێکی سلێمانی شەیدای خۆشەویستی کچێك دەبێت  کچەکەش بەهەمان شێوە بەڵام جیاوازی چینایەتی لەنیوان ئەمدوو ئاشقەدا  ڕێگر دەبێت لە بەیەك گەیشتنیان باوکی کچە دەڵێت من کچەکان بە ڕۆحودڵ بەخیو کردوە ئامادەنیم بیدەمە کورێکی لا توپوت لە باتیژیانی بۆدروستبێت دۆزەخ ببێتە بەشی  کچەکە
هەڕەشی خۆستاندی لە باوکی  کردوە ئەگەر نەیداتە ئەو کوڕە  ئەم هەڕەشەیە  باوکی کچە
ناچار دەکات کە ڕازی بێت بەم زەوا جە دوای ساڵێك ژیانی هاوسەری کورێکی بێکارو بێپارە کە لەکرێچیتیدا ژیان لەم دوهامرۆڤە دەکاتە دۆزەخ قەرزاریو  نەدانی کرێی خانوو ئەم خێزانە تازەیە توشی کارەسات ئەکات دوای دەمە قاڵەیەك لە نیوان ئەم دووعاشقەدا کچە بەدەبەیەك نەوتو دەنکێك شقارتە ژیانی خۆی کۆتای پێدێنێت ئێستا ئەم کوڕە لەلایەن باوکی ئەم کچەوە شکاتی لیکراوەو چاوەڕوانی بڕیاری داد گا دەکات  .
 دادگا ڕۆژانە گوێلەم چیرۆکانە دەگرێت هاوکاتیش دە یان کرِوو کچ لەم دادگایە لەنیو خزموو کەسوکاریان بەیەگ دەگان و چاوڕێن کارو بارە یاساییە کانیان بۆجێبەجێبکرێت  داستان و سازگار کە بەخۆشەو یستی یە کیان ناسیوە  بز لەسەر لیوانیانەو ڕوخساریان شادی لێدەبارێت پییان ووتم ئێمە هیچ کێشە یەك ناتوانێت خۆشەویستی مان کاڵبکاتەوەو بڕیارمانداوە بەیەکەوە ڕوو بەڕوی هەمووکێشەکان ببینەوە
سەرحەدوو زەیتوون کچووکورێکی تر بوون ئەوانیش دڵیان بە ئایندەیان خۆشەو لەو باوەڕەدابوون کەدەتوان ژیانێکی ئاسودە بۆیەك دابین بکەن هەرچەندە بەخۆشەویستیش یەکیان نە ناسیوە.لەگەڵ هیوای ژیانێکی شاد بۆئەم  کچ و کوڕانە بەڵام بەشێکی زۆری ئەم هاوسارانە کەمتر لەساڵێك دێنەوە دادگاو  بەڵام ئەم جارە بۆتاوان بارکردنی یەکترو ئیهانەکردن بەیەکترو دادگاش ناچار بەتەلاٌ یان تەفریخ ئەم هاوسەرانە لەیەك جیادەکاتەوە.  پارکە کانی کوردستان  ڕۆژانە بەدیان ئاشق لە خۆدەگرێت زۆربەی ئاشقە کانی کوردستان پارکەکان دەکەنە ژوانگە کاتێك بەناو پارکی ئازادیدا برۆی دەبینیت لەهەر سوچەو کوڕوکچێك سەر یان ناوە بەسەری یەکدیەوەو زۆربەهێمنی  قسەدەکەن  هەرچەند پارکەکان ئەو ژوانگە ئارامە نیە  بەڵام تەنها جێگەیە کە تاڕادەیەك ئەتوانن ئازادانە قسەی دڵی خۆیان بۆیەکدی بکەن ئاشقەکان بۆماچێکی لێوانی یەکدی چەندین
جار سەیری ئەملاو لای  خۆیان دەکەن ، بێجگە لەترسی پۆلیس چەندین لاو کە خۆشەویستیان نیەو وەك خیرەیەك لەنیو پارکەکەدا ئەو عاشقانە هەراسان دەکەنو وەك یەکێك لەم لاوانەوتی ئێمە سەیریان بۆیەدەکەین کە یەکدی ماچ ئەکەن و شتی تریش ڕوو ئەدا .  ئەم نەریتە نەخوازراوە لەهەموکوردستاندا بەدی دەکرێت بەردەوام کێشەی گەورەشی لەسەر دروست دەبێت بەهەرحاڵ چومە لای دوان لەم ئاشقانەو دوای سلاٌو لێکردنیان خۆم ناساند بەڵام لەبەر ترسی کەسو کار نە قەبوڵی ئەوایان کرد دەنگیان تەسجیل بکەم نە وێنە یان بگرم نە ناویان بهێنم پێیان ووتم کە ماوی چوار ساڵە بەیەکەوەن هەرچەندە تەمەنیان زۆرمنداڵبوو ئەگەر قسەکەیان بەدرووستی وەربگرین دەبێت لە 11 ساڵییەوە عاشقی یەکدی بن ئەوان ووتیان ئێمە بڕیارمانداوە تامردن لەگەڵ یەکدی بین زۆربەڕەهای قسەیان دەکرد هەردوکیان لەخێزانێکی هەژار بوون ووتیان لە بەر هەژاری توانای زەواج مان نیە بەلام بڕیاری  بۆ یەك ژیانمان بۆئە بەدی بەیەك داوە    ئەم دوعاشقە کێشی تەلاق و جیابوونەوە یان خستە ئەستۆی حکومەت و وتیان  حکومەت بەشێوەیەك ژیانی  خەڵکی سەخت کردوە خەڵك ڕقی لەخۆشی دەبێت . هەندەران ئەو بە هەشتەیە بۆلاوەکانی کوردستان کە ئامادەن لەپێناوی دا ئامادەن  دەست لە  خۆشەویستە کانیان هەڵبگرن چیاو ئاراس دوخۆشەویستن وە ك چیادەڵێت سێساڵە لەسەر ئاراز وەستاوم کە چی ئێستا دەڵێت دەڕۆم بۆهەندەران چیابەگریانەوە بە ئارازی ئەوت ئامادەم نانی ڕەق

بخۆم ئەلقەكەش خۆم بۆت دەكەم لەژێر دەوارێكا ئەژیم لەگەڵت بەلاّ م لەم بڕیارە پاش گەزبەوە ئارازیش سورە لەسەر بڕیارە كەیو دەڵێت ئەم ولاّتە هیدزو پیاو خراپانەو من دەمەوێت بڕۆمە هەندەران و خۆم و تۆش ڕزگار بكەم بەلاّم چیا بەم قسانە ڕازی نیەو هەڕەشەی لێك جیا بوونەوە دەكات چیاوتی كێشەكانی تەلاّقو جیابوونەوە ئۆ باڵەكەی لە گەردنی حكومەتە ئارازیش وتی ژن هێنان لەم ولاّتە فاشیلەو تۆشی كێشەی گەورەت ئەكات دوای سو پاسكردنیان داوای ئەوەم لێكردن كە هەوڵبدەن بە هێمنی كێشەكانیان چارەسەر بكەن و بڕیاری جیابوونەوە نەدەن .

ڕۆژانە بەدەیان كێشەی وا یەخەی تاكەكانی كۆمەڵگای كوردی دەگرێت تادێت كێشە كۆمەلاّیەتی وئاوبوریو سیاسیە كان لەم هەرێمە بچوكەدا قوڵتر ئەبێتەو ە هەموو ئاماژەكانیش ئەوە دەردەخەن كەنە حكومەت و نەڕێكخراوەكانی ژنانو نەڕێكخراوەكانی تری كۆمەڵگای مەدەنی توانی چارەسەر كردنی قەیرانەكانیان نەماوە بەقەت بەرزی تەلاری مەسئولەكان كێشەكان لەسەریەك كەڵەكەبوون و چارەنوسی ژیانی تاكەكانی ئەم هەرێمەش لەدەست قەدەرێكی نادیار دایە .